# مەسەلەی دکتۆر کمال و مەریوان هەڵە بجەیی بەڵگەیە بۆ نەبوونی ئازادی لە حکومەتی پەرلەمانیدا

## سەردار عەبدوڵا حەمە

دادگایی کردن و مانەوەی د کمال سید قادر لە زیندانی ئاسایشی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقدا بۆ ماوەی زیاتر لە چوار مانگ تەنها بە هۆی نوسینی چەند ووتارێکی رەخنە گرانە لە سەرکردەو دەسەڵاتی پارتی و لەولاشەوە بڕیاری دەسگیر کردن ودادگایی کردنی مەریوان هەڵە بجەیی لەلایەن ئیدارەکە ی یەکیتی نیشتمانی کوردستانەوە بەهۆی نوسینی کتێبیکی رەخنەگرانە لە ئیسلام و پێش ئەمانەش پەلاماردان و هێرش بۆ سەر بارەگاو ئۆفیسی چەندین ئەحزاب و رێکخراوو کۆمەڵەی سیاسی وکوشتنی چەندین سەرکردەو کادیریان و داخستنی چەندین بنکەی رێکخراوی جەماوەری کرێکاران و لاوان وژنان و سەنتەری مناڵان لە کوردستاناو رێگا نەدان بە چاپ و بلاوکردنەوەی چەندین رۆژنامەو گۆڤاروکتێب..هتد.

ئەمانە بەڵگەی نامۆ بوونی ئەو دوو دەسەڵاتەیە بە ئازادی تاك و بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان.

ئازادی تاك یەکێ لە ئاما نجەکانی شۆڕشی قەومی فەرەنسا بوو, بەڵام ئەمرۆ لە لایەن بۆرژوازی قەومی و دەسەڵاتی پەرلەمانی بە ناو دیموکراتی هەزار و یەك پێوەندی لە دەست دەکرێ لە دژی ڕادەوەستێ ئایا ئەمە خیانەتە بە خودی بورژازی قەومی یا نا؟ لە رواڵەتدا خیانەتە بەڵام لە ناوەڕۆکدا وەڵامی رۆژە بۆ قازانج و کەڵەکەی سەرمایە و سەروەت سامان , چیتر ئازادی تاك بە کەڵکی ئەمڕۆی بۆرژوازی نایەت ئەوەی لە دونیای غەربدا ئەمڕۆ کەمێك ئازادی ماوە بە ناوی دیموکراتی یەوە ئەوە بەرەنجامی خەباتی هەموو رۆژەی هێزو لایەنە پێشکەوتوو و ئازادیخوازەکانە .ئەگینا ئەمڕۆ لە هەر گۆشەیەکی دونیا بورژوازی بۆ نموونە ئەمەریکای قەڵای دیموکراتی هێرش دەکاتە سەر ئازادی تاك و پشتیوانی دەکات لە کۆنە پەرسترین حکومەت کە ئازادی ئینسان پێشێل دەکا.

هەموو حکومەتێك دەسەڵاتی چینێکە بەسەر چینێکی تردا, هەموو دەسەڵاتێکی چینایتیش پێویستی بەزەبرو زەنگە یا پێویستی بە دیکتاتوریە بۆ پاراستنی دەسەڵات و قازانج و بەرژوەندی خۆی , قازانج و بەرژوەندی حکومەتە پەرلمانی یەکانی ئەمڕۆی دونیا بە عێراق و کوردسانیشەوە دەسەڵاتی بۆروژازی یە لە پێناو کەڵەکەی سەرمایە و سەروەت و سامانە بۆ کەمایەتیەکی مشەخۆر . ئەم دەسەڵاتە تا ئەوەندە باوەڕی بە ئازادی تاك و بە کۆمەڵ دەبێ کە ئەم بەرژەوەندی یە نەکەوێتە بەر مەترسی یەوە کە ئەوە ئیتر لە فەرهەنگی سیاسیدا پێی ناووترێ ئازادی

لە بەرانبەر ئەم دەسەڵاتە دا کۆمەڵگای بەشەری پێویستی بە دەسەڵاتیکی تر هەیە کە ئازادی و یەکسانی بە دەست بێنێ ,ئەویش دەسەڵاتی بێبەشانی کۆمەڵگایە بە عێراق و کوردستانیشەوە واتە سۆشیالیزمە کە وەك ئۆکسجین و خواردن بووەتە پێویستی ئینسان بێگومان ئەم حکومەتە , فراوانترین ئازادی دەدات بە تاك هیچ کەسێ لە سەر نووسینی ووتارێ یا کتیبێ یا بیرو رای سیاسی و دینی و غەیرە دینی سزا نادرێت و زیندانی ودادگای ناکرێ ئەوەیٰ کە ئازاد نیە بۆرژازی مشەخۆرە , ئازاد نیە سەروەتی خەڵك بۆ خۆی ببات ئازاد نیە رەنج و بەرهەمی کرێکار و زەحمەتکێش بۆ خۆی ببات ئازاد نیە تیرۆر بکا ئازارو ئەشکە نجەی خەڵك بدات.... ئەمیش هەر دەسەڵاتێکی چینایتیە , قازانج و بەرژوەندی خۆی هەیەکە گەورەترین قازا نجیشی نەمانی دەسەڵاتی ئینسانە بە سەر ئینساندا بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە زەبرو زەنگ هەیە بەسەر ئەو موفتەخۆرانەدا کە هەر ئەمڕۆ زۆرداری دەکەن بە سەر کۆمەڵگادا واتە چەوسێنەران ئازاد نابن لە چەوسانەوەدا چونکە ئەمە دەسەڵاتیکە بۆ نەمانی زوڵم و ستەم و چەوسانەوە دەنا ئەوانیش ئازادن و لە هەموو مافێکی ئینسانیش بەهرەمەندن .

بۆ ئەوەی تراژیدیەکان روو نەدەن بۆ ئەوەی حورمەتی ئینسنان هەبیٚ لە کوردستانا بۆ ئەوەی ئازادی و خۆش بەختی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی ژن و پیاو هەبیٚ وبۆ ئەوەی کارەساتی وەك ئەوەی دکتور کمال و مەریوان روونەدا ئەوا حکومەتێکی سکۆلاری غەیرە قەومی و غەیرە دینی و حکومەتێکی سۆشیالیستی پێویستییکی هەر ئێستایی یە,لە هەمان کاتداخەباتێکی هەمە لایەنەی سۆسیالیستەکان و ئازادیخوازان پێویستییەکی هەر ئێستاییە بۆ دا سەپاندنی ئازادی بیرورا بە سەر دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی دا لە چەشنی ئەو ئازادییەی لە غەربدا هەیە . وە بۆ ئازاد کردنی بیٚ قەیدو شەرتی دکتۆر کمال و ڕا پێچ کردنی فتوا دەرانی کوشتنی مەریوان هەڵە بجەیی بۆ دادگایەکی ئاشکرای مەدەنی و قەدەغە کردنی چالاکی هەر جۆرە لایەنیٚ کە فەتوای کوشتنی ئینسان دەردەکات یا داوای سەربڕینی ئازادی دەکەن خەباتێکی بەردەوامی لەم جۆرە پێویستە.

2006\3\12